# بەرۆژووبوونی مانگی رەمەزان بۆچی؟

خودای بەرزو بێ هاوتا لەسەر هەموو مرۆڤێکی موسڵمانی باڵغ و ژیر و بەتوانا واجبی کردووە کە لە هەموو ساڵێکدا مانگێك بەرۆژو بێت، وەکو عیبادەت. بێگومان مەبەست لە بەرۆژووبوون ئەزیەت و ئازاردان نییە، بەڵکو بەرۆژووبوون لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا خولێکی بەهێزە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئیمان و رەوشت و نەفس و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەموو لایەنەکانی تری دین و ژینە کە سوود بە مرۆڤ دەگەیێنن لە دنیا و قیامەت. بۆیە دەتوانین بڵێین: رۆژووگرتن بە دەیان و سەدان سوودو و کەڵکی نەفسی و رۆحی و ئیمانی و جەستەیی لەخۆ دەگرێت. لێرەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر بەشێکیان و ئەگەر وردببینەوە لە قورئان و سوننەت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر بەندەکانی بەرۆژوو ببن.

**١- بۆ ئەوەی فێری لەخواترسان ببین.**

یەکێك لەگرینگترین هەدەف و ئامانجەکانی بەرۆژووبوون بۆ ئەوەیە ئێمەی باوەڕدار پێیەوە فێری لەخواترسان ببین، خوای گەورە دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٨٣) البقرة واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، رۆژووتان لەسەر نووسراوە و فەرزکراوە بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن و لەخودا بترسن. کەواتە بەرۆژووبوون قوتابخانەیەکە فێری لەخواترسانمان دەکات، چۆن؟ رۆژ تا ئێوارە هەریەکەمان لە خەمی رۆژووەکەمانین و هیچ ناخۆین و ناخۆینەوە لەترسی ئەوەی نەوەك رۆژوومان بەتاڵ ببێتەوە، یان خۆمان دەپارێزین لە تاوان لە ترسی ئەوەی نەوەك خوای گەورە رۆژووەکەمان قبووڵ نەکات، تەنانەت لەو کاتانەش کە بە تەنیاین و هیچ کەسێك نامانبینێ، ئەوەش وادەگەیەنێت رۆژ تا ئێوارە بۆ چرکەیەکیش خوامان لەیاد نەکردووە، کە ئەوەش ئەوپەڕی لەخواترسان و بەندایەتییە.

**٢- بۆئەوەی فێری دەمپاکی و راستگۆیی ببین.**

نابێ موسڵمان دەمپیس بێت و درۆ و بوختان و غەیبەت بکات، بەتایبەتیش ئەگەر بەرۆژوو بێت، چونکە کاریگەری لەسەر سەنگی رووژووەکەی دەبێت، پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم)) دەفەرموێت: ((مَن لم يَدَعْ قول الزُّور والعملَ به والجهلَ، فليس للهِ حاجةٌ أن يَدَعَ طعامه وشرابه))؛ رواه البخاري. واتە: هەر کەسێك واز نەهێنێت لە قسەو کرداری خراب و درۆکردن، ئەوە خوا هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کە ئەو واز لەخواردن و خواردنەوە بێنێ. هەروەها دەفەرموێت: ((رُبَّ صائم ليس له من صيامه إلاَّ الجوع)). أخرجه ابنً ماجه «١٩٦٠» والنسائي «٣٢٥٠» واتە: هندێ رۆژووان هەیە، جگە لە برسییەتی هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. کەواتا با تێبگەین مانگی پیرۆزی رەمەزان خولێکی ساڵانەیە بۆ ئەوەی لەو مانگەدا فێری رەوشتبەرزی ببین.

**٣- بۆ ئەوەی فێری خۆڕاگری و سەبر ببین.**

هەموو ئەوانەی کاتێ بەرۆژوو دەبن، میزاجی خۆیان لەدەست دەدەن و خۆیان عەسەبی دەکەن، بە شێوەیەك خێزان و منداڵەکانیان ناوێرن خۆیانی تێبگەیەنن، بەڕاستی ئەوە ئەوپەڕی نەزانییە و پێچەوانەی پەیامی پیرۆزی رەمەزانە، پێغەمبەری خوا (صلی



مەلا محەمەد مەلا زبێر بەزێوەیی

اللـه علیـه وسـلم) دەفەرموێت: إِذَا كَانَ يَـوْمُ صَـوْمِ أَحَدكُـمْ فَـلا يَرْفُـثْ ، وَلا يَسْـخَبْ ، فَـإِنْ سَـابَّهُ أَحَـدٌ أَوْ شَـاتَمَهُ أَوْ قَاتَلَـهُ فَلْيَقُـلْ : إِنِّي امْـرُؤٌ صَائِـمٌ. واتـە: ئەگـەر هـەر یەکێکتـان بـەڕۆژوو بـوو، بـا قسـەی ناشـیرین نـەکات، ئەگـەر یەکێکیـش جنێـوی پێـدا، یـان ویسـتی شـەڕی لەگـەڵ بـکات، بـا بڵـێ: مـن بـەڕۆژووم. کەواتـە ئێمـە نـەوەك نابـێ بـە هـۆی بەڕۆژووبوونـەوە شـەڕ بـە خەڵکی بفرۆشـین، بەڵکـو ئەگـەر کەسـێکیش جنێوی پێدایـن و شـەڕی پێمان فرۆشت، دەبێ هێمن و ئارامـی بکەینـەوە و پێـی بڵێیـن: بەڕۆژوویـن.

٤- بـۆ ئـەوەی لـە برسـیەتی و نەبوونـی هـەژاران تێبگەیـن.

بێگومـان زۆربـەی جار کەسـی بـەڕۆژوو بـە هـۆی توونیبوون و برسیبوون تووشی هیلاکییەکی زۆر دەبێت. پێویسـتە بیربکەینـەوە کـە برسـییەتی چەنـد ناخۆشـە، ئەوەندەی تر ناخۆشترە کە لە بەر نەبوونی بێت، بۆیە دەبێ سوپاسی خوا بکەین، کە پێی داوین و هەرگیز هەژارانیش لەبیر نەکەین و بزانین کە برسییەتی چەند دەردێکی ناخۆشـە.

٥- بۆ ئەوەی زاڵ بین بە سەر نەفس و شەیتاندا.

بەڕۆژووبوون لەناو مانگی ڕەمەزاندا خولێکی بەهێزە بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی توانای عیززەت و نەفسمان و زاڵبوون بە سەر شەیتانەکانە، چونکە لـەم مانگـەدا هەرچی شـەیاتینە کۆت و زنجیر دەکرێن و بە ئاسانی ناتوانن لاکەنـەوە بـەلای مرۆڤدا. هـەر وەکـوو بەڕۆژووبـوون بریتییـە لـە وازهێنـان لـە هەمـوو خـواردن و خواردنەوەیـەك و ئـەو قەدەغەکراوانـەی کـە ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە، هەرلە بەیانی تا ڕۆژئاوابوون، ئـەوش وادەکات کـە مرۆڤـی موسـڵمان بتوانێـت لـە هەمـوو ڕوویێکـەوە زاڵ بێـت بەسـەر نەفسـی دا.

٦- بۆ ئەوەی لەشساغ بین.

پێغەمبەرمـان درودی خـودای لەسـەر بێت دەفەرمـوێ: «صومـوا تصحـوا « رواه الطبرانـي، واتـە بـەڕۆژوو بـن، تـا لەشسـاغ بـن، کەواتـە وانەیەکـی تـری گرنگـی مانگـی پـڕ نـووری ڕەمـەزان، تەندروسـتیی بـاش و سـاغڵەمی بـەدەن و دەروونـە کـە لـە کەسـی ڕۆژووان ڕەنـگ دەداتـەوە، هەروەکـو تاقیکاریـی پزیشـکی شـتێکی ئەرێنیـی سـالانەیە بـۆ مـرۆڤ لـە رووی تەندروسـتییەوە، کـە لـە جۆرەهـا نەخۆشـی و ڤایرۆسـی کوشـندە دەیپارێـزێ.

# منداڵان پێویستیان به خۆراکی رۆح و پەروەردەیەکی زانستی هەیە



سەرەتا د. مەیادە محەمەد نەجاڕ سەرۆکی رێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان، ئاماژە بەوە دەکات کە «پێگەیاندنی تاك سەرچاوەیەکی سەرەکیی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیە، زۆربەی کۆمەڵگە هۆشیارەکانی سەر رووی زەمین بە وردی کار لەسەر پێگەیاندنی تاك دەکەن، جا مەرجە پێگەیاندن بە شێوازێکی زانستی بێت، چونکە کاتێك کە ئادەمیزاد دێتە دنیاوە، تەنیا بوونەوەرێکی ئاساییە، بەڵام بە قۆناغەکانی بەکۆمەڵایەتی بوون دەبێتە مرۆڤ و دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، واتا خۆی لەخۆیدا قۆناغەکانی بەکۆمەڵایەتی بوون دەستپێکی پێگەیاندنە، بەڵام ئایا چۆن پێگەیاندنێك؟»

هەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە «منداڵێك لە وڵاتی ژاپۆن، یان هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهان بە پرۆسەی بەکۆمەلایەتی بووندا دەڕوات، بەهەمان شێوە منداڵێکیش لە ئەفغانستان، یان بۆرما بە هەمان شێوە بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بووندا دەڕوات، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین دواتر وەك یەك دەرناچن و بە پێچەوانەی یەکتری دەبن، واتە هەر یەکەیان کۆمەڵێك رەهەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ چۆنێتی ئالییەتی پێگەیاندنی تاك دەگەڕێتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا پێگەیاندن سەرچاوەیەی سەرەکیی گەشەپێدانی تواناکانی تاکە، واتا تاك پێویستی بە پێگەیاندنێکی وردو زانستی هەیە.» سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستانیش دەڵێت: «بۆ ئەوەی بزانرێت ئێمە چۆن کار لەسەر پەرەوەردەکردنی تاك بکەین، یان چۆن کار لەسەر پێگەیاندنی تواناکانی منداڵان بکەین، پێویستە لە نێوان پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونی عیشوائی و پرۆسەی پێگەیاندنی زانستیدا جیاوازی بکەین. من وەك چالاکێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، یەکەم هەنگاوی رێکخراوەکەم ئامادەکردنی چەند زنجیرە توێژینەوەیەك بوو، لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی تاك، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تادەگاتە تەمەنی نەوجەوانی، لە

**تێگەیشتنی باوان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە کۆمەڵگەی خۆماندا تێگەیشتنێکی هاوسەنگ و هەمەلایەنە و تەندروست نییە**

**تەنانەت قوتابخانە و هەندێ لەوانەش کە بەناوی ئایینیشەوە خەڵک ئاراستە دەکەن، تێڕوانینێکی جۆزئییانەیان هەیە بۆ مرۆڤ و پێویستییەکانی، یانیش ریزبەندییەکی نالۆژیکی و نازانستییانە بۆ پێکهاتە و پێویستییەکانی مرۆڤ دەکەن**



**هەندێك دایك و باوكان، وادەزانن بەخێوكردنی منداڵ، تەنیا دابینكردنی خۆراك و جلوبەرگیانە، بەڵام منداڵان پێویستیان بە خۆراكی رۆح و پەروەردەیەكی زانستیش هەیە، هەتا بتوانن خاوەن كەسایەتی و توانای داهێنان بن. بۆیە پێگەیاندنیان ئەركی سەرشانی خێزان و كۆمەڵگە و حكومەتە و لەو بوارەدا دەبێت پلان و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دابنرێت، بەپێچەوانەوە ئەوا لە غیابی وشیاریی كۆمەڵایەتیدا، خەڵك بۆ پێگەیاندنی منداڵەكانیان متمانەیان بە كاری بازاڕ و ناو كارگەكان و سەرشەقام لە قوتابخانە و خوێندن زیاتر دەبێت، توێژەرانی كۆمەڵایەتیش ئەوە بە «كارەسات» لە قەڵەم دەدەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

ئایندەیەكی نزیكیشدا ئەو توێژینەوانە بڵاو دەكەمەوە، هەرچەندە من زیاتر كارم لەسەر پێگەیاندنی كچان كردووە، لەتەمەنی منداڵیدا، بەڵام زۆر زانیاری گرنگم بەردەست كەوتووە، بە گوێرەی ئەو كارەی كردوومە، گەیشتمە ئەو راستییەی كە دایكێكی هۆشیار نەوەیەكی تەندروست پەروەردە دەكات، واتا مەرجە دایك هۆشیار بێت، كە دەڵێم هۆشیار، واتای ئەوە نییە بڕوانامەی هەبێت، یان نا، بەڵكوو پێویستە دایك لەسەر گشت پرەنسیپەكانی ژیانی تاك و ژیانی منداڵ هۆشیاری و زانیاری هەبێت. بە گوێرەی ئەو زنجیرە توێژینەوانەی كە ئامادەم كردووە، كاتێك ئێمە باس لە پێگەیاندنێكی زانستی دەكەین و دەمانەوێت كار لەسەر داڕشتنی سیستەمێكی بەكۆمەلایەتی كردنی تۆكمەی پۆزەتیڤ بكەین، دەبێت یەكەم هەنگاو بونیادنانی سیستەمێك بۆ هۆشیاركردنەوەی دایكەكان بێت، چونكە دایك سەرچاوەی یەكەمی پێگەیاندنی تاكە و لەدوای دایكەوە پرۆسەكە بەردەوام دەبێت لەچوارچیوەی خێزان تا دەگاتە قوتابخانە و كۆمەڵگە قۆناغ بە قۆناغ دەڕوات.

د. مەیادە رایوایە «دەبێت كار لەسەر ئامادەكردنی سیستەمێكی تۆكمەی پڕ لە زانستی پێگەیاندن لە قۆناغەكانی دەستپێكی خوێندنی منداڵان بكرێت، واتا دەبیت هەنگاوەكانی پەروەردەی زانستی لە قۆناغەكانی باخچەی ساوایانەوە دەست پێبكات، دواتر قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بگرێتەوە و لە خوێندنی باڵا تەواو بكرێت. ئەوە گرنگە و زۆریش پێویستە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاكان هەڵمەتی هۆشیاركردنەوەی دایكان بە شێویەكی ورد و تۆكمە ئەنجام بدەن، چونكە دایكان ئەركی سەرەكییان لە هۆشیاركردنەوەی تاك هەیە، كە لە پەروەردەی منداڵی خۆیانەوە دەست پێ دەكات.»

كۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەڵمی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە كۆمەڵناسی و سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەكات كە «پێگەیاندنی

**پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی تەنیا لە قۆناعی ساوایی و منداڵیی مرۆڤدا كورت ناكرێتەوە، بەڵكو پرۆسەیەكی بەردەوامە و لە بێشكەوە تا دواساتەكانی تەمەن بەردەوام دەبێت**

**پەروەردە ئەركی پاككردن و شەن و كەوكردن و رێككردنی رەفتار و ئەو پێدراوانەی دەدرێن بە تاك، لەسەرشانیەتی و پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بكات، ئەمجا لە ژێر چاودێری و بە پێی سیستمێک بیداتەوە بە نەوەی نوێ**

کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە منداڵ کەلتووری کۆمەڵگەکە وەك (بەهاو نۆرم و عورف و بیروباوەڕ و سیستم و یاسا و دابونەریت و شێوازی ڕەفتارکردنی پەسەند) فێردەبێت و وەری دەگرێت. یاخود بریتییە لەو پرۆسەیەی کە کارلێککردن و گۆڕان بە هۆیە لەناو تاکدا ڕوودەدات، تاك لە کارلێك و هەڵسوکەوتکردنی لە گەڵ کۆمەڵەکەی ئەوەی پەیوەست بێت لە ڕۆڵ و نۆرم و ئاراستە و دابونەریت دەبەخشێت و وەریش دەگرێت لێیان و کەسێتی ئەو تاکە دەرەنجامی ئەو مامەڵەو کارلێکەیە. دیارە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تەنیا لە قۆناغی ساوایی و منداڵیی مرۆڤدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە بێشکەوە تا دواساتەکانی تەمەن بەردەوام دەبێت. بۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پێشەنگ و پڕبایەخترینی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە و لە هەمانکاتدا ترسناکترینی ئەو پرۆسانەیە لە ژیانی تاکەکاندا. چونکە یەکەم پایەیە کە تاك کەسێتی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت و کۆمەڵایەتی بوونی لەسەری دەوەستێت. تاك کە لەدایك دەبێت، ناتوانێت هیچ کارێك بکات، ئەو شارەزاییە کۆمەڵایەتییانەی وەریدەگرێت، هەمووی لە ڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت و لە ڕێگەی ئەو ژینەگە کۆمەڵایەتییەیە کە تیایدا گەورە دەبێت و ژیانی تێدا دەکات.» سەبارەت بە پەیوەندیی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییش دەڵێت: «گومانی تێدا نییە کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان بە پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی دێتە هەژمار، بەو پێیەی یەکێکە لەو پرۆسانەی کە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگە بەردەوام دەبێت و پێش دەکەوێت. ڕاستەقینەی پرۆسەی پێگەیاندن بریتییە لە پرۆسەی فێرکردن، چونکە ڕاستکردنەوەو گۆڕینی لە ڕەفتاردا دەبێت دەرەنجامی دوچاربوون بە شارەزایی و پێزانین و پیادەکردنی ڕەفتاری تایبەتی. لەپرۆسەی پێگەیاندندا گوێزانەوەی کەلتوور و کەلەپووری کۆمەڵگە و هێنانی و پێدانی بە تاکی نوێ، واتە وەرگرتنی لە جیلی کۆنەوەو گواستنەوەی بۆ جیلی نوێ بەم پرۆسەیە کراوەو دەکرێت هەر لە زمان و ئایین و سرووت و خوو، هەروەها دابونەریت و نۆرم و بەهاوە..» گوتیشی: «لە ئێستادا پرۆسەی پێگەیاندن، بە هۆی ڕاگەیاندن و دەزەگا جۆربەجۆرە دەنگی و ڕەنگییەکانەوە لە ژێر مەترسییەکی گەورەدایە، کە بە شێوەیەك کەلتووری بیانی و دژ بە کەلتووری خۆیی لە ڕێگەی فیلم و دراما بیانییەکانەوە کە لە سەرشاشەی تیڤییەکانەوە دەدرێت بە منداڵ و لە ئاستی ئەوەدا نین، ئەوەش وادەکات منداڵێکی شێواو لە کەسێتی بۆ کۆمەڵگە دروست بکات و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و.. هتد، بخاتەوە. بۆیە سیستمی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت ئەم هاوکێشەیە ڕاست بکاتەوە، بەتایبەتی پەروەردە، چونکە هەرچی پەروەردەیە لە پاڵ ئەم ئەرکەش پاککردن و شەن و کەوکردنی و ڕێککردنی ڕەفتار و ئەو پێدراوانەی دەدرێن بە تاك و پێداچوونەوەیانی لەسەرشانە، ئەمجا لە ژێر چاودێری و بە پێی سیستمێك دەیداتەوە بەنەوەی نوێ.»

عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، «خێزان و قوتابخانە و ئایین» بە فاکتەرە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ناودەبات و ڕایوایە ئەو فاکتەرانە کاریگەری قووڵ و بەرچاو بەجێ دەهێڵن لەسەر کەسایەتیی تاك، بە تایبەتی لە بەرایی تەمەن و ساڵەکانی یەکەمیدا لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ڕێکخراو و تەواوکاریدا کە تیایدا تێگەیشتن و بەها و نەریت و پێوەرە باوەکان لە خێزان و قوتابخانە و کایە ئایینییەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاك و کەسایەتی و دنیابینی پێکدەهێنن و دواتریش ڕەفتارەکانی ئاراستە دەکەن.» هاوکات دەڵێت: «لە پاڵ ئەمانەشدا هەندێ فاکتەری لاوەکی هەن، ئەوانیش بە ئەندازەی ئامادەیی و کاراییان کاریگەری دروست دەکەن، هەندێ جار ئەو کاریگەرییە پێچەوانەی ئاراستە و خواستی فاکتەرە سەرەکییەکانە.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی تەندروست بەڕێوە دەڕوات؟ گوتی: «ناتوانم لێرە حوکمێکی ڕەها بدەم لەسەر بابەتێکی ئاڵۆزی لەم چەشنە، بەڵام لە ڕێگەی سەرنجدان و تێبینیی ڕۆژانە، هەست بەوە دەکەی تێگەیشتنی باوان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە کۆمەڵگەی خۆماندا تێگەیشتنێکی هاوسەنگ و هەمەلایەنە و تەندروست نییە. تەنانەت قوتابخانە و هەندێ لەوانەش کە بەناوی ئایینیشەوە خەڵك ئاراستە دەکەن، تێڕوانینێکی جۆزئییانەیان هەیە بۆ مرۆڤ و پێویستییەکانی، یانیش ڕیزبەندییەکی نالۆژیکی و نازانستییانە بۆ پێکهاتە و پێویستییەکانی مرۆڤ دەکەن. زۆربەی کات سەیری تاك دەکرێ وەك بوونەوەرێکی بایەلۆژی کە تەنیا پێویستییەکانی لە ڕهەندە ماددییەکان قەتیس کراوە، بێ ڕەچاوکردنی لایەنە عەقڵی و ڕۆحی و دەروونییەکەی کە جیهانە هەرە فرەوان و گەورەکەی مرۆڤە و پێکهاتە بایەلۆژییەکە تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو جیهانە. ئەو هاوسەنگییە ونە لە بەشێك لە خێزان و ناوەندە ئەکادیمی و ئایینییەکان و ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆی گشتی و فراوان و جددی هەیە، بۆ ئەوەی هەڵوەستەی ورد لەسەر وەها پرسێکی هەستیار بکرێ.»

**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پێشەنگ و پڕبایەخترینی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە و لە هەمانکاتدا ترسناکترینی ئەو پرۆسانەیە لە ژیانی تاکەکاندا. چونکە یەکەم پایەیە کە تاک کەسێتی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت و کۆمەڵایەتی بوونی لەسەری دەوەستێت**

**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە منداڵ کەلتووری کۆمەڵگەکە وەک (بەهاو نۆرم و عورف و بیروباوەڕ و سیستم و یاسا و دابونەریت و شێوازی ڕەفتارکردنی پەسەند) فێردەبێت و وەری دەگرێت**

**دەبێت هەنگاوەکانی پەروەردەی زانستی لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکات، دواتر قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بگرێتەوە و لە خوێندنی باڵا تەواو بکرێت**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# داوای بەدواداچوونی هەمەلایەن بۆ بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەت دەکرێت



سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرەنگاربووەنەوەی توندوتیژیی خێزانی و نەهێشتنی تاوانی کوشتنی ئافرەتان لە ژێر پاساوی شەرەف و بە بیانووی جۆراوجۆر، هێشتا ئەو هەوڵانە لە ئاستێکی گشتگیردا کاردانەوەیەکی تەواوکاری نەبووە و بە هۆی ناهۆشیاری و سڵ نەکردنەوە لە سزای یاسایی، حاڵەتەکانی ئەو جۆرە تاوانە گەورەیە بەردەوامە، چالاکانی مەدەنییش داوای بەدواداچوونی هەمەلایەن و شیکاریی جددی بۆ دۆزینەوەی ڕێکارەکانی بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەتان دەکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، ئەو پرسە گرینگە لە ڕوانگەی خۆیانەوە تاوتوێ دەکەن.



سەرەتا پەرلەمانتار حەیات مەجید، بڕیاردەری لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆر دراوە بۆ نەهێشتنی تاوانی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی شەرەف، یان بە هەر بیانوویەکی دیکە، بەڵام ئەم دیاردەیە بنبڕ نەکراوەو لەوانەشە بنبڕ نەکرێت.» سەبارەت بە هۆکاری ئەو بۆچوونەشی دەڵێت: «زۆر بەداخەوە تاوانی کوشتنی ئافرەت، وەك عیلاجی نەخۆشێك نییە کە بخورێت و نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین: هەوڵەکان چی بوون بۆ ڕێگری و کەمترکردنەوەی ئەو جۆرە تاوانانە؟ ئەوەش بە تەنیا کاری پەرلەمان نییە و کاری هەمەلایەنی پێویستە.» هاوکات دەڵێت: لە پەرلەمانی کوردستان سێ لیژنەی تایبەت (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی داکۆکیکردن لە ئافرەتان) بە جددی لەسەر ئەو پرسە کاریان کردووە، لە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئافرەتانیش پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە و ئەوەشمان وەبیر هێناونەتەوە کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە ٢٥ی نۆڤەمبەر داوای کردووە ئەو خاڵە لە یاسادا جێگیر بکرێت، کە لێبوردنی گشتی بکوژانی ئافرەت نەگرێتەوە. ئەوە نوقتەیەکی گرینگ و پۆزەتیڤە، هەتا ئەوانەی ژنکوشتن بەلایانەوە کارێکی ئاسانە، سڵ لەو تاوانە گەورەیە بکەنەوە. هەروەها لە یاسای باری کەسیی هەندێ مادده هەڵگیران کە بە تەواوی لە بەرژەوەندیی ئافرەتان بوو، هەروەها ئەوەش جێگیر کرا، کە تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف لە لایەن پیاوانەوە، وەک هەر تاوانێکی دیکەی کوشتن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.» ئەوەشی خستەڕوو کە «یاسای توندوتیژیی خێزانی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لە نزیکترین کاتدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت، هەروەها یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.» گوتیشی: «هیوادارین لەو چەند مانگەدا کە ماوەمان ماوە، خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێت و ئەوەشی کە زۆر گرینگە، ئەوەیە کە حکومەت بتوانێ کار لە سەر ئەم یاسایانە بکات و وەک خۆی جێبەجێیان بکات.»

پەرلەمانتار حەیات مەجید، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گولان، دووپاتی دەکاتەوە کە «ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و (ئێن جی ئۆ) و کەسایەتییەکانی پشتیوانی جێندەر و یەکسانیخواز و میدیاکان و مامۆستایانی ئایینی دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت، بۆ ئەوەی لانیکەم ئافرەتان بە مافە شەرعی و یاساییەکانی خۆیان شارەزا بن، ئەوەش هەم ڕێگری لە کوشتنیان دەکات، هەم لە خۆکوشتن دوور دەکەونەوە.»

دڵشاد نامیق فەرەج، مامۆستای زانکۆ و توێژەر لە بواری مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوشتنی ژنان لە کوردستان بەشێکە لەو توندوتیژییە خێزانییەی کە هەیە و بەداخەوە لەهەڵکشاندایە، بێگومان ئەمەش ژمارەیەك هۆکاری خۆی هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە نەبوونی هۆشیاری یاسایی پێویست و نەبوونی متمانە بە یاسا و دامودەزگاکان، چونکە ئەگەر متمانە بەو دەزگایانە هەبێت لای هاووڵاتی و بزانێت ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە، ئەوا پەنا ناباتە بەر تاوانی کوشتن، واتە هەستی قوتاربوون لە سزا لەلای تاوانکار وادەکات، تاوانەکان دووبارە و چەند بارە ببێتەوە، بۆیە پێویستە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوە بەو ئیجرائات و ڕێوشوێنانەدا بکەنەوە کە تا ئێستا بۆ ئەو مەبەستە دانراون. ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت و پاراستنی خێزانیش پێویستە بە شێوازی کاری خۆیاندا بچنەوە.»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی بنەڕەتین بۆ زیادبوونی توندوتیژی، چونکە ئەم بابەتە سەرەڕای نەبوونی سانسۆر لەسەری، بەشێوەیەکی هەرزان دەست هەموو کەسێك دەکەوێت و هۆشیاری بەکارهێنانیشی لە نەبوونەوە نزیکە، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆر لەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێن و ژنان دەبنە قوربانی تیایدا، هۆکارەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەها زەقکردنەوەی تاوانەکان

**کوشتنی ژنان لە کوردستان بەشێکە لەو توندوتیژییە خێزانییەی کە هەیە و بەداخەوە لەهەڵکشاندایە، بێگومان ئەمەش ژمارەیەک هۆکاری خۆی هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە نەبوونی هۆشیاری یاسایی پێویست و نەبوونی متمانە بە یاسا و دامودەزگاکان**

**هەستی قوتاربوون لە سزا لەلای تاوانکار وادەکات، تاوانەکان دووبارە و چەند بارە ببێتەوە، بۆیە پێویستە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوە بەو ئیجرائات و ڕێوشوێنانەدا بکەنەوە کە تا ئێستا بۆ ئەو مەبەستە دانراون**

**ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی بنەڕەتین بۆ زیادبوونی توندوتیژی، چونکە ئەم بابەتە سەرەڕای نەبوونی سانسۆر لەسەری، بەشێوەیەکی هەرزان دەست هەموو کەسێک دەکەوێت و هۆشیاری بەکارهێنانیشی لە نەبوونەوە نزیکە**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پیشاندانی قوربانییەکان بەو بێ سانسۆرییەی کە هەیە، کاریگەری خراپی هەیە بۆ دووبارە بوونەوە و ڕوودانەوەیان لەشوێنەکانی دیکە، ئەوانە بە جۆرێك لە ڕەواجدان بە تاوان هەژمار دەکرێن، پێویستە لەم لایەنەشەوە چارەسەری پێویست بهێنرێتە پێشەوە. واتە دەبێت چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو بوارانەدا بکرێت و لاوازییەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسا تایبەتمەندەکان و دەزگاکانی چاودێریی خێزان و پۆلیسی نەهێشتنی توندوتیژی.»

هەر لەو بارەیەوە سەید عەلی ڕەمەزان، ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی مەلا ساڵح لە مەخموور، بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان..ك وشتنی موسڵمانێك بە ناحەق لە گوناهە گەورەکانە. خوای گەورە دەفەرموێت: وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا (٩٣)، واتە هەر کەسێك ئیماندارێك بە ئەنقەسد بکوژێ، جێگای دۆزەخە و تێیدا دەمێنێتەوە و خوا غەزەبی لێ دەگرێت و لەعنەتی لێ دەکات و سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە دەکات. هەروەها پێغەمبەری نازدار دروودی خوای لەسەر بێ، دەفەرموێ: (لَزَوَال الدُّنْيَا أَهْوَنُ عِنْدَ اللَّهِ من قَتْلِ رَجُلٍ مُسْلم)، واتە تێکدانی ئاسمانەکان لای خوای گەورە ئاساییترە، لە کوشتنی ئیماندارێك بەناحەق. ئافرەت و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە لە ئایینی ئیسلام و وەکو یەك مافی ژیانیان هەیە، ئەوەی جیاوازیان بکاتەوە، تەقواو عیبادەتە. خوای گەورە دەفەرموێ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ، پێموایە هێشتا لە کوردستان یاسایەك نییە، وا لە خەڵك بکات، جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو نەکەن و بە کەم سەیری ئافرەت نەکرێ.»

مەلا عەلی ڕەمەزان باسی ئەوەش دەکات کە «لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، پیاوێك هاتووەتە لای و گوتوویەتی: (ئێستا پیاوێك و ئافرەتێکم بینی لە فڵانە شوێن خەریکی زیناکردنن.) خەلیفە عومەر گوتوویەتی: ئێستا چوار شاهێد دەینی، یان ٨٠ جەڵدەت لێ دەدرێت. پیاوەکە هەر چەندە گەڕا تەنیا سێ شاهێدی پێ پەیدا بوو،

بۆیە هەشتا جەڵدەیان لێ دا. چونکە لە یاسای ئیسلام دەبێت، چوار شاهێد هەبن، کاتێك دەڵێن فلانە ئافرەت زینای کردووە.» گوتیشی: «ئیسلام ڕێزی زۆری لە ئافرەت گرتووە و بۆ هەموو کێشەیەك دوو شاهێدی دەوێت، بەڵام کاتێک باس هاتە سەر کەرامەتی ئافرەت، ئەوا چوار شاهێدی دەوێت.»

د. چەواس حەسەن، مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ڕووی یاساییەوە هەموو کوشتنێك بە تاوان دەژمێردرێت، مەگەر تەنیا لە باری بەرگریی ڕەوا بێت، ئەویش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە کوشتنی ئافرەت بە بێ سێ و دوو بە تاوان دەژمێردرێت. چونکە ناکرێت ئەو تاوانە بخرێتە خانەی بەرگریی ڕەوا. بۆیە کوشتنەکە بەئەنقەستە و سزاکەی توندە و ئەگەر لەوەو پێشیش پلانی بۆ دانرابێت، ئەوا سزاکەی دەگاتە ڕاددەی لەسێدارەدان. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە یاساکان هەن و تاوانەکانیش هەر بەردەوامن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەری تاوانەکان، بۆ نموونە ئەو کاتانەی نەبوونی پەرە دەستێنێت، تاوانی دزی زیاد دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە سزاشی بۆ دانراوە، کەواتە تەنیا سزا بۆ نەهێشتنی تاوان بەس نییە، بەڵکو دەبێت پاڵنەرەکانی هەر تاوانێك دیاری بکرێن و چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی تاوانەکە بنبڕ بکرێت. بۆ تاوانی کوشتنی ئافرەتیش، ئەوا دەبێت بزانین کە پاڵنەری کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت و عەیبە و نامووس ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەوەی کە تاوانبار پەنا بەرێتە بەر تاوانێکی وەها گەورە، لەگەڵ ئەوەی کە سزایەکی توندیشی لە ڕووی یاساییەوە هەبێت. کەواتە دەبێت تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت و ڕۆڵ و ئازادییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا بێنە چارەسەرکردن، بۆ ئەوەی تاوانی کوشتنی ژن بنبڕ بکرێت.»

**زەفکردنەوەی تاوانەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پیشاندانی قوربانییەکان بەو بێ سانسۆرییەی کە هەیە، کاریگەری خراپی هەیە بۆ دووبارە بوونەوە و ڕوودانەوەیان لەشوێنەکانی دیکە، ئەوانە بە جۆرێک لە ڕەواجدان بە تاوان هەژمار دەکرێن**

**لە هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆر دراوە بۆ نەهێشتنی تاوانی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی شەرەف، یان بە هەر بیانوویەکی دیکە، بەڵام ئەم دیاردەیە بنبڕ نەکراوەو لەوانەشە بنبڕ نەکرێت.**

**هەر کەسێک ئیماندارێک بە ئەنقەسد بکوژێ، جێگای دۆزەخە و تێیدا دەمێنێتەوە و خوا غەزەبی لێ دەگرێت و لەعنەتی لێ دەکات و سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە دەکات**